# ڕێبەری حەوتەم - وانەی ٣٠

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك) لۆقا |

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (لۆقا ١٨: ١٨- ٢١ : ٣٨) .
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکان بنوسنەوە .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) بەو ئایەتانەدا بچنەوە کە تایبەتن بە "هاوسەرگیریی مەسیحی" |

بە شێوەی گروپی دوانەیی ( دوو باوەڕدار پێکەوە ) **پێداچوونەوە** بکەن بۆ ئەو پێنج ئایەتەی تایبەتە بە " هاوسەرگیریی مەسیحی " .

| | |
|---|---|
| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) یۆحەنا ١٣: ١- ٣٨ |

**پێشەکی** :

یۆحەنا بەشی ١٣ پێناسەی خزمەتەکەی عیسای مەسیح دەکات لەماوەی حەوت هەفتە لە مانگی ئەپریل و مایۆی (نیسان و ئایار) ی ساڵی ٣٠ ز. بەشەکانی ١٢- ١٨ لە ئینجیلی یۆحەنا پێناسەی ئەم حەوت هەفتەیەی کۆتایی دەکات پێش لەخاچدان . وە بەشەکانی ١٩- ٢١ پێناسەی چل ڕۆژەکەی کۆتایی لەسەر زەوی دەکات . وە لە یۆحەنا ١٣دا عیسا دەستی کرد بە فێرکردن لەڕێگەی یادی جەژنی پەسخەوە . لەم بەشەدا عیسا ڕاسپاردەیەکی نوێی هەیە بۆ قوتابیەکانی ئەویش ئەوەیە یەکتریان خۆش بوێ ، وە وێنەیەك بۆ ئەم خۆشەویستیە دەخاتە ڕوو بە شوشتنی پێی قوتابیەکانی .

لۆقا گرنگی نەداوە بە زنجیرەی زەمەنی بۆ نوسینەوەی ئینجیل ، بەڵام پێدەچێ یۆحەنا گرنگی بە زنجیرەی زەمەنی داوە ( بڕوانە یۆحەنا ١٣: ٢، ٢١، ٣٠، ٣١) . ئەم ڕوداوانەی خوارەوە لە سەروبەندی یادی جەژنی پەسخەدا ڕویاندا: * شوشتنی پێی قوتابیەکان (یۆحەنا ١٣: ١- ١٧ ؛ بڕوانە مەتا ٢٦: ٢٠ ؛ مەرقۆس ١٤: ١٧- ١٨ ؛ لۆقا ٢٢: ١٤- ١٨)؛ * ئەو پرسیارەی کە کام لە قوتابیەکان مەزنترو گرنگترە ( لۆقا ٢٢: ٢٤- ٢٧) ؛ * پێشبینی عیسا لەسەر ئەو کەسەی دەیداتە دەستەوەو پەرچەکرداری قوتابیەکان سەبارەت بەئەم بابەتە ( یۆحەنا ١٣: ١٨- ٣٠ ؛ مەتا ٢٦: ٢١- ٢٥ ؛ مەرقۆس ١٤: ١٨- ٢١ ؛ لۆقا ٢٢: ٢١- ٢٣) ؛ * ڕاسپاردەی نوێ ( یۆحەنا ١٣: ٣١- ٣٥) ؛ * پێشبینی عیسا لەبارەی ئەو قوتابیەی نکۆی لێدەکات ( یۆحەنا ١٣: ٣٦- ٣٨؛ مەتا ٢٦: ٣٤- ٣٥ ؛ مەرقۆس ١٤: ٢٩- ٣١؛ لۆقا ٢٢: ٣٣- ٣٤). * ئامادەکردنی شێوی خوداوەند (مەتا ٢٦: ٢٦- ٣٠ ؛ مەرقۆس ١٤: ٢٢- ٢٦ ؛ لۆقا ٢٢: ١٧- ٢٠) . یۆحەنا باسی ئەم ڕووداوە ناکات چونکە سێ ئینجیلەکەی دیکە باسیان کردوە . * دوا وتاری عیساو نوێژی کاهینایەتی ( یۆحەنا ١٤: ١٧).

**هەنگاوی ١: بخوێنەوە .            وشەی خودا**

پێکەوە یۆحەنا ١٣: ١- ٣٨ **دەخوێنینەوە** .

بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

**هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە.            تێبینیەکان**

**بیربکەوە** . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟

**بنوسە .** یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .

**بەشداری بکە.** ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن ).

هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .

(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

**یەهوزا**

## ئاشكراكردنی ١:  پەیوەندی نێوان عیساو یەهوزا .

### أ. یەهوزا خۆی دەردەخست .

لە یۆحەنا ٦: ٦٦- ٧١ دەبینین زۆرێك لە قوتابیەكانی وازیان لیّ هێناو چیتر لەگەڵیدا نەدەگەڕان . بەڵام یەهوزا مایەوە لەگەڵ عیساو وای دەرخست كە قوتابیەكی ڕاستەقینەی عیسایە . ئیدی عیسا لەو یادەدا فەرموی : " ئایا من ئێوەی دوازدەم هەڵنەبژاردووە؟ بەڵام یەكێك لە ئێوە ئیبلیسە! " واتای وشەی شەیتان "سكاڵاكەرە" یان " سكاڵا دەكات بە ناڕاستی " . عیسا فەرموی ئەو پیاوە خزمەتكاری شەیتانە یان دەستوپێوەندی شەیتانە . وە دەستوپێوەندیەكەی بۆ شەیتان دەرخست لەوەدا كە بە درۆ خۆی بە قوتابیەكی ڕاستەقینەی عیسای مەسیح پیشاندا.

لەگەڵ ئەوەی زۆرینە وازیان لە عیسای مەسیح هێنا ، چونكە هەستیان دەكرد كە ناتوانن لەگەڵ عیساو سروشتە ڕۆحیەكەی و فێركردنەكانیدا بگونجێن ، بەڵام ئەم پیاوە مایەوە لەگەڵیداو بەتەواوەتی خۆی گونجاند . عیسا هەموو ئەوەی دەزانی لەبارەی كاتەكانی یەهوزاو ئەو كارانەی دەیكات لە ئایندەدا . ئەم هۆشداریە بۆ ئەو خەڵكانەیە كە ڕقیان لە بیروباوەڕی ناوازەی كڵێسای مەسیحە ، بەڵام پێیان باشترە بمێننەوە لەو كڵێسایەدا كە ئەوانی لەخۆ گرتوە و فێركردنەكان و كارەكانیان دژی وشەكانی خودایەو بەردەوامن لە ڕێگەی كەسێتیان بەرەو لەناوچوون. كاتێ یۆحەنا دوای ساڵانێكی زۆر نوسیەوە ، تێبینیەكی زیاد كردو شرۆڤەی ئەوەی تێدا كرد كە ئەو كەسە یەهوزای ئەسخەریوتیە .

### ب. یەهوزا دزو چاوچنۆك بوو .

یۆحەنا ١٢: ٤- ٦ پێناسەی ئەوەمان بۆ دەكات كە یەهوزا مرۆڤێكی چاوچنۆك ودز بوو . كاتێ مریەم پارەیەكی زۆری خەرجكرد لە كڕینی بۆنێكی گرانبەها بۆ چەوركردنی عیسا ، یەهوزا ڕەخنەی لێگرت بەوەی پارەی بەهەدەر داوە كاتێ ووتی: " بۆچی ئەم بۆنە بە سێ سەد دینار(كرێی سێ مانگی كاركردن) نەفرۆشرا و نەدرا بە هەژاران ." یۆحەنا لەبارەی ئەم ووتانەوە دەڵێت : " ئەمەی گوت نەك لەبەر ئەوەی خەمی هەژاران دەخوات، بەڵكو لەبەر ئەوەی دز بوو و سندوقی پارەشی لەلا بوو، هەرچی تێدا دابنرابووایە دەیبرد ." دڵفراوانی مریەم و خۆویستی یەهوزا سەرسام بوونێكی لەناكاوی لە خۆگرت !

### ج. یەهوزا ناپاك بوو .

یۆحەنا ١٣: ٢ پێناسەی ئەو شێوازەمان بۆ دەكات كە یەهوزا بەكاری دەهێنێ بۆ بەدەستەوە دانی عیسا ، وە دەڵێت : " شەیتان خستبویە دڵی یەهوزای ئەسخەریوتی كوڕی شیمۆن، كە عیسا بەدەستەوە بدات ." لە نێوان دوازدە قوتابیەكە پیاوێكیان لەگەڵدا بوو كەسایەتیەكەی تەواو ڕووخابوو بەشێوەیەك پێناسە ناكرێت ، تەنانەت ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی ناپاكی لەگەڵ عیسای مەسیح بكات . سەرۆك كاهینان و فەریسیەكان فەرمانیان پێدا بەوەی كاتێ عیسای بینی ئاگاداریان بكاتەوە بۆئەوەی بێن و دەستگیری بكەن ( یۆحەنا ١١: ٥٧) . یەهوزا سوور بوو لەسەر ئەوەی عیسا بدات بەدەستەوە بەناپاكی و بیداتە دەستی دوژمنەكانی. ئەو پێشتر ڕێكەوتبوو لەگەڵیان لەبەرامبەر سی پارچە زیو . هیچ كام لە قوتابیەكان بەمەیان نەدەزانی ، یان گومانیان لێی نەدەكرد ، بەڵام شەیتان ئەم پلانە گڵاوەی خستبوە نێو عەقڵی یەهوزاوە .

دوای هەندێ کات لە شوێنکەوتنی عیسا وەك قوتابی ، بۆی دەرکەوت شووێنکەوتنی عیسا وەك قوتابی هیچ نرخێکی وەهای نیە . ئەو مرۆڤێکی چاوچنۆك بوو پارەی خۆش دەویست زیاتر لە عیسا . مرۆڤێك بوو پلانی دادەناو شتەکانی دەژمارد ، هەوڵی زۆری ئەوەبوو لە کەنیشت دەرنەکرێت ( یۆحەنا ٩: ٢٢) ، بەڵکو زیاتر لەوەش ڕەزامەندی دەسەڵاتی جولەکە بەدەست بهێنێت لە ڕێگەی دیاریکردنی کات و شوێنی عیسا بۆئەوەی دەستگیری بکەن .

**د. یەهوزا هەڵبژێردرا بەڵام پیرۆز نەکرا .**

عیسا بە قوتابیەکانی فەرموو لە یۆحەنا ١٣: ١٧- ١٨ خۆزگەیان پێ دەخوازرێ و پیرۆز دەبن ئەگەر ئەو کارەیان کرد کە فێری کردن . پاشان وتەکانی تەواو دەکات و دەفەرموێ : " باسی هەمووتان ناکەم. ئەوانەی هەڵمبژاردوون دەیانناسم، بەڵام تاکو ئەوەی لە نووسراوە پیرۆزەکە هاتووە بێتە دی: {ئەوەی نمەکی کردووم، ناپاکی لەگەڵم کرد ! "

دوای نوێژێکی زۆر عیسا دوازدە قوتابیەکانی هەڵبژارد وەك لە لۆقا ٦: ١٢- ١٣ دەردەکەوێ ، هەڵە نەبوو سەبارەت بە هەڵبژاردنی یەهوزا ، ئەمەش واتای وشەبەندی بۆ وشەکانی عیسا " ئەوانەی هەڵمبژاردوون دەیانناسم ،" ئەوەیە هەموو ئەوانەی ناسی کە هەڵیبژاردن تا بنە قوتابی ، ئەوانەی دەیانێرێ ببنە شایەتی بۆی لە هەموو جیهان . بەڵام هەروەها دڵ وبیری یەهوزای دەناسی ، یەهوزای هەڵبژارد بۆ ئەم مەبەستە تایبەتە . عیسا ئەوەی هەڵنەبژارد بۆ رزگاری ، عیسا هەموو کاتێك یەهوزای دەناسی کە خۆی دەردەخات ، وە متمانەی پێناکرێت . هەڵیبژارد بۆ بەدی هاتنی ئەو پێشبینیەی لە پەیمانی کۆندا هاتوە .

ئەم پێشبینیە لە زەبور ٤١: ٩ دا هاتوە کاتێ داود ئاماژە دەکات بۆ ڕاوێژکارەکەی ئەخیتۆفل ، یان ئەو کەسەی هاوشێوەیەتی ، وە بەشداری کرد لەو پلانگێریەی لە دژی کرا . وە لە ٢ سامۆئیل ١٥- ١٧ دەبینین ئەخیتۆفل لەگەڵ ئەبشالوم پلان دادەنێن بۆ کوشتنی داود . وە لە زەبور ٥٥: ٩- ١٤ داود دەڵێ . ئەی پەروەردگار، سەریان لێ بشێوێنە، زمانیان تێك بئاڵێنە،چونکە زۆرداری و دووبەرەکی لە شاردا دەبینم. شەو و ڕۆژ بەسەر شووراکانیدا دەسووڕێنەوە وخراپە و ناڕەوایی لە ناوەڕاستیدایە. وێرانکاری لە ناوەڕاستیدایە،دەستدرێژی و ساختەکاری هەرگیزشەقامەکانی بەرنادەن. ئەگەر دوژمن سووکایەتی پێم بکردایە،
بەرگەم دەگرت، ئەگەر ناحەز بەسەرمدا زاڵ بووایە، دەمتوانی خۆمی لێ بشارمەوە. بەڵام ئەوە تۆی! هاوشێوەی من مرۆڤی،هاوڕێمی، نزیکترین برادەری منی، کە بەیەکەوە پەیوەندییەکی شیرینمان هەبوو،بەیەکەوە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا بەرەو ماڵی خودا دەچووین. " هەر لە ژێر ڕوناکی زەبوری ٥٥: ٩- ١٤ هەرکارێکی وەکو کاری ئەخیتۆفل شەرمەزاریەو ڕەتدەکرێتەوە ! بە دڵنیاییەوە ئەم پێشبینیە جێبەجێ دەبێت بەسەر یەهوزادا ئەوەی خۆی دەرخست گوایە ڕاستگۆیە تا کۆتایی کاتێ ماچی عیسای کرد ! هیچ کام لە قوتابیەکان گومانیان نەدەکرد لە یەهوزا بەوەی یەهوزا خۆدەرخەرە و ناپاکەو قێزەونە . بەڵام عیسا هەڵیبژارد بۆ هاتنەدی ئەم پێشبینیە کە تایبەتە بە ناپاکی و بەدەستەوەدان .

**هـ. یەهوزا بە تەواوەتی بەرپرسیار بوو لە کارەکانی .**

عیسا لە یۆحەنا ١٣: ١٩ دەفەرموێ : " لە ئێستاوە پێتان دەڵێم پێش ئەوەی ڕووبدات، تاکو کاتێك ڕوویدا باوەڕ بکەن کە من ئەوم ." لەبەر دوو هۆکار عیسا ئەو هەواڵەی پێ ڕاگەیاندن : ویستی هۆشداری بداتە

یەهوزا ، وە ویستی باوەڕی قوتابیەکانی دیکە بەهێز بکات . عیسا ویستی پێشتر هۆشداری بداتە یەهوزا ، ئەوەتا ئێستاش دوبارە هۆشداری دەداتێ کە پیرۆز نابێت ئەگەر ئەو پلانە گڵاوە جێبەجێ بکات . دەبوو یەهوزا بیر بکاتەوە لە وشەکانی عیسا . عیسا ئەمانەی وت تا بیسەلمێنێت کە یەهوزا بەرپرسیاری تەواوە لەسەر کارەکانی خۆی . هەروەها تا باوەڕی قوتابیەکانی دیکەی بەهێز بکات ، چونکە دەیزانی ناپاکی یەهوزا دەبێتە هۆی بێزاری و دڵەڕاوکێ و خەمۆکی قوتابیەکانی دیکەو کاریگەری نەرێنی دەبێت بۆ باوەڕەکەیان . ئیدی گومان دەکەن لە عیساو پلانی خودا لە ڕێگەی عیساوە . بەڵام کاتێ دەزانن کە یەهوزا ناپاکە ، ئەو کات هەست دەکەن کە عیسا لە سەرەتاوە دەیزانی ، وە دەزانن ئەوەی ڕوودەدات پەککەوتن و پوچەڵکردنەوەی پلانی خودا نیە بەڵکو تەواوکردنیەتی . عیسا ئەمەی وت لە پێش بەدەستەوە دانی و دادگایی کردنی و لەخاچدانی بۆئەوەی قوتابیەکانی بەردەوام بن لەباوەڕەکەیان و هەموو ئەوانەی فەرمویەتی لەبارەی خۆیەوە ڕاستن .

**و. یەهوزا بوە نشینگەی شەیتان .**

یۆحەنا ١٣: ٢٧ دەڵێت : " شەیتان چووە ناویەوە. " شەیتان پێشنیارێکی خراپی خستە نێوو عەقڵ وبیری یەهوزاوە کە ناپاکی لە عیسا بکات و بەدەستەوەی بدات لەپێناوی پارەدا . لەبەر ئەوە بەرهەڵستی شەیتانی نەکرد بەڵکو بە پێی پێشنیارەکەی شەیتان کاری کرد . ئەو کات شەیتان لە دڵی یەهوزادا شوێنی وەرگرت . ئەمەیە باری ئاسایی ڕوداوەکان بەلای ئەوانەی بەرهەڵستی شەیتان ناکەن . بۆیە شەیتان بەتەواوی ئەو ناپاکەی لەخۆ گرت . ئیدی بەم شێوەیە ، یەهوزا بوە مرۆڤێکی دڵڕەق بە تەواوەتی. دڵی خۆی ڕەق کرد بەرامبەر بە هۆشداریەکانی عیسا هەر بۆیە هیچ هۆشداریەکی دیکەی نەدایە ، هیچ شتێك نەمابوو عیسا بیکات لەگەڵ یەهوزا . کاتی نزیکبونەوەی شێوی پەسخە ، عیسا بە یەهوزای ووت : " ئەوەی بەتەمای بیکەیت، خێرا بیکە ." ( یۆحەنا ١٣: ٢٧- ٣٠) .

**پەترۆس**

**<u>ئاشکراکردنی ٢: پەیوەندی نێوان عیساو پەترۆس .</u>**

عیسا لە یۆحەنا ١٣: ٣٣ دەفەرموێ : " ڕۆڵەکانم، ماوەیەکی کورت لەگەڵتاندا دەبم. جا بەدوامدا دەگەڕێن، بەڵام وەك چۆن بە جولەکەکانم گوت، ئێستا بە ئێوەشی دەڵێم: ئێوە ناتوانن بێنە ئەو شوێنەی کە من بۆی دەچم . " پەترۆس لەم وشانە بێزاربوو پرسیاری لە عیسا کرد : " گەورەم، بۆ کوێ دەچیت؟" ئەوکات عیسا ڕونی کردەوە ئەو شوێنەی بۆی دەچێت شوێنی پەترۆس نیە بۆی بچێت بەڵکو پەترۆس دەتوانێ دواتر بۆی بچێت . عیسا بەم وتانەی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دەچێت بۆ ئاسمان ، بەڵام پەترۆس لێی تێنەگەیشت . چونکە بەپێی پلانی خودا ساتی مردنی پەترۆس هێشتا نەهاتوە . ئەوەبوو پەترۆس ووتی ئەگەر هەموو قوتابیەکانی دیکە واز لە عیسا بهێنن ئەو وازی لێ ناهێنێ و هەر شوێنکەوتەی دەبێت ( مەرقۆس ١٤: ٢٩) ! ووتی : " ئەگەر لەگەڵیشت بمرم، نکۆڵیت لێ ناکەم." هەروەها ووتی : " ژیانم بۆتۆ دادەنێم" (یۆحەنا ١٣: ٣٧) . پەترۆس خۆی نەدەناسی ! کەمێك هەڵەشەو بێ ئارام بوو ویستی دوای عیسا بکەوێ لە ئازارەکانیدا هەر ئێستا بەشدار بێت ! ئینجا عیسا بە پەترۆسی وت لەگەڵ ئەو شانازی بەخۆکردنەی شتێك دەکات کە حەز ناکات بیکات ! چونکە پەترۆس زۆر دڵنیا بوو لە خۆی ، بێ توانا بوو لەوەی بەباشی گوێ لە وتەکانی عیسا بگرێ و لێی تێبگات . پەترۆس بیری دەکردەوە کە ژیانی

خۆی بکات بە قوربانی لە پێناوی عیساو لە بری ئەو ، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە عیسا ژیانی خۆی دەکات بە قوربانی لە پێناوی پەترۆس !

**هەنگاوی ٣: پرسیار** . **ڕونکردنەوە**

**بیربکەوە** : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە یۆحەنا ١٣: ١- ٣٨ تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

**بنوسە**: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

**بەشداری بکە** : ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو ).

**گفتوگۆ بکە** : ( دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە ).

(ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان ).

**یۆحەنا ١٣: ١- 2**

**پرسیاری ١ : کەی جولەکە یادی شێوی جەژنی پەسخەیان کردەوە ؟**

**تێبینیەکان** :

هەندێ مەسیحی پرسیاریان هەیە لەمبارەیەوە : " ئایا لە ئێوارەی پێنج شەممەی ١٥ ی ئەپریل شێوی پەسخە خورا پێش لەخاچدانی عیسا ڕۆژی ١٥ ی ئەپریل بەپێی ڕۆژمێری جولەکە وەك دەردەکەوێت لە چوار ئینجیلە هاوشێوەکەدا ( مەتا ٢٦: ١٧؛ مەرقۆس ١٤: ١٢، ١٤؛ لۆقا ٢٢: ١١، ١٤، ١٥) ، یان شێوی پەسخەی کۆتایی لە ئێوارەی هەینی ١٦ ی ئەپریل بەپێی ڕۆژمێری جولەکە خورا ، دوای لەخاچدانی مەسیح وەك چۆن وا دەردەکەوێت کە ئینجیلی یۆحەنا ئاماژەی پێدەکات ( یۆحەنا ١٨: ٢٨) دەڵێن دژ یەکبونێك هەیە لە نێوان ئینجیلە هاوشێوەکان و ئینجیلی یۆحەنادا ، یان دەبێت ئینجیلی یۆحەنا هەڵە بێت یانیش ئینجیلەکانی دیکە .

هەندێ مەسیحی دیکە پێیان وایە شرۆڤەی ئینجیی یۆحەنا لەگەڵ ئینجیلەکانی دیکە دژ بەیەك نین ، پاشان هەموو ئینجیلەکان فێرمان دەکەن کە هەموو جولەکەو عیساو قوتابیەکانیشی شێوی پەسخەیان خوارد لە کاتی ئاساییدا کە ئێوارەی ١٥ ی ئەپریلە و ڕێکەوتی ئێوارەی پێنج شەممەیە ، وە ڕاڤەیەکی ماقوڵ و جوان بۆ ئەم وشانە هەیە " نانی پەسخە بخۆن "یۆحەنا ١٨: ٢٨ .

تەوراتی پەرستش لە پەیمانی کۆندا فێر دەکات سەبارەت بە جەژنی پەسخە و جەژنی فەتیرە ( لێڤیەکان ٢٣: ٥- ٦) . دەبێت هەندێ ئامادەکاری بکەن بۆ جەژنی پەسخە لە ڕۆژی پێنج شەممەدا لە ڕۆژدا ١٤( ی ئەپریل) . بەڵام جەژنی فەتیرە یادی دەکرێتەوە لە نێوان ١٥ – ٢١ ی ئەپریل . ئیدی شێوی جەژنی پەسخە لە ڕۆژی یەکەمی جەژنی فەتیرەدا دەخورا ، کە ئەویش ئێوارەی پێنج شەممەیە ، ١٥ ی ئەپریل ( دەرچوون ١٢: ٨ ؛ عەزرا ٦: ٢١- ٢٢) چونکە سەرەتای ڕۆژی نوێی عیبری لە ئێوارەی ڕۆژەکەدایە بە پێی ئەمڕۆمان . هەر بۆیە یۆحەنا ١٨: ٢٨ ئاماژە بۆ خواردنی شێوی جەژنی پەسخە دەکات لەلایەن هەموو جولەکەوە ، بە عیساو قوتابیەکانیشەوە لە ئێوارەی پێنج شەممە ١٥ ی ئەپریل ، وە ئەو جولەکانەی باس کراون لە یۆحەنا ١٨ : ٢٨ دەیانویست شێوی پەسخە لە ئێوارەی هەینی ١٦ ی ئەپریلدا بخۆن .

وتەکانی یۆحەنا ١٨: ٢٨ ئاماژە بوو بۆ ئەندامانی کەنیشتی سەنهەدرینی جولەکە ( سەرۆک کاهینان و پیران) کە زۆر سەرقاڵ بوون بە دەستگیرکردنی عیساو دادگایی کردنیەوە . بۆ زیاتر لەمبارەیەوە ( لۆقا ١١: ٣٩، ٤٤ ؛ بڕوانە کردار ١٠: ٢٨ ؛ ١١: ٣) هەروەها دەرچوون ٢٠: ١٣ ، ئەوان ئامانجیان ئەوەبوو عیسایان لەکۆڵ بێتەوە ( یۆحەنا ١١: ٥٠- ٥٧) .

**یۆحەنا ١٣: ٤-١٧**

**<u>پرسیاری ٢: پێ شوشتنی قوتابیەکان لەلایەن عیساوە واتای چی یە ؟</u>**

**تێبینیەکان .**

**أ. پێ شوشتن وانەیەك بوو بۆ خزمەت .**

عیسا و قوتابیەکانی لە بێت عەنیاوە هاتبوون و پێیەکانیان تەپوتۆزی گرتبوو . لەم دۆخەدا و لە نێو ئیسرائیلدا باو بوو کە خزمەتکار یان کۆیلەیەکی سادە پێی میوانەکانی دەشوشت لە پێش شێو خواردن . پێش چەند ساڵێك لەو ڕوداوە ، یەحیای لەئاوهەڵکێش ڕایگەیاند کە شایەنی ئەوە نیە سۆلوی پێڵاوەکانی عیسا ببەستێت و پێیەکانی بشوات ! کاتێ قوتابیەکان گەیشتنە ژورەکە حەوزی ئاو بۆ پێ شتن و خاولیان بینی ، هیچ کام لەوان نەیاندەویست "کۆیلەیەکی سادە" بێت ! قوتابیەکان زۆر زیاتر لە پێویست لوتبەرز بوون . لە لۆقا ٢٢ پێمان دەڵێت چۆن قوتابیەکان مشتومڕیان بوو سەبارەت بەوەی کامیان مەزنترو گرنگترە . ڕەنگە ئەم مشتومڕە بەردەوام بووبێت کاتێ بڕیاریاندا لە چواردەروی خوانەکە دانیشن . ئیدی بەم شێوەیە عیساو دوازدە قوتابیەکەی دانیشتن بەدەوری خوانەکەدا لەسەر شێوەی پیتی " u " وە پێیەکانیان پیس بوو ، لەگەڵ ئەوەی عیسا دەیزانی کە کوڕی تاقانەی خودایە و خوداوەندی هەموو بونەوەرەکانە ، هەستاو کەواکەی داکەندو بەناو قەدیەوە بەستی وەك ئەوەی کۆیلە دەیبەست ، وە دەستی کرد بە شوشتنی پێی قوتابیەکانی .

**ب. شوشتنی جەستە هێمایەك بوو بۆ بێتاوانكردن .**

شوشتنی جەستە هێمایە بۆ ئەو كارە ڕزگاریەی عیسای مەسیح لە ساكاریەكەیدا ، ئەمەش پێی دەوترێت بێتوانكردن . ئەم دۆخە بەرجەستە بوو لە ساكاریەی مەسیح واتە بوە مرۆڤێك وەك ئێمە لە هەموو شتێكدا جگە لە گوناهە ، وە خزمەتە ساكاریەكەی و ڕەتكردنەوەی لەلایەن خەڵكەوە و ئازارەكانی و دواتر مردنەكەی لەسەر خاچ .

عیسا فەرموی " ئەوەی خۆی شوشتبێت تەنها پێویستی بە پێ شوشتن هەیە، تەواوی جەستەی پاكە " عیسا هەموو گوناهەكانی مرۆڤ لا دەبات وپاكی دەكاتەوە ( ١ یۆحەنا ١: ٧) وە بەتەواوەتی بێتاوانی دەكات ( ٢ كۆرنسۆس ٥: ٢١؛ ١پەترۆس ٣: ١٨) .

ج. شوشتنی پێ هێما بوو بۆ پیرۆزكردن .

شوشتنی جەستە هێمایە بۆ كاری ڕزگاری مەسیح بە تەواوەتی لە ساكاریەكەیدا ، ئەمەش پێی دەوترێ بێتاوانكردن . بەڵام شوشتنی پێ هێمایە بۆ كاری ڕزگاری مەسیح بە بەردەوامی دوای لەدایكبونەوەی دوەمی مرۆڤ ، واتە بێتاوانبوونی . وە ئەمەش پێی دەوترێ "پیرۆزكردن" . بەڵام عیسا لەبارەی شوشتنی جەستەوە نادوێ بەڵكو شوشتنی ڕۆحی ! لە بەشی سێ ی ئینجیلی یۆحەنا عیسا لەبارەی لەدایكبونەوەی دوەمی ڕۆحی دوا ، وە لە بەشی چوار باسی ئاوی ڕۆحی كرد ، وە لە بەشی شەش دەربارەی نانی ڕۆحی ، وە ئێستا لە بەشی سیازدە لەبارەی پاككردنەوەی ڕۆحی دەدوێ ، بۆیە عیسا بەردەوام بوو لە وتەكانی و فەرموی : " ئەوەی خۆی شوشتبێت تەنها پێویستی بە پێ شوشتن هەیە، تەواوی جەستەی پاكە . ئێوەش پاكن بەڵام هەمووتان نا." جگە لە یەهوزا هەموو قوتابیەكان باوەڕیان بە عیساو وشەكانی هەبوو ، بۆیە لەو كاتەدا ڕۆحیان پاكبوو ( لەدایكبونەوەی دوەم) ( یۆحەنا ١٣: ١٠؛ بڕوانە یۆحەنا ١٥: ٣) . ئیدی ئێستا پێویستیان بە شوشتنی تەنها پێیەكانیانە ئەوەی ئەوان لەو كاتەدا پێویستیان بوو تەنها زیاترو زیاتر پیرۆز بوونیان بوو ( بڕوانە ١یۆحەنا ١: ٩) .

د. پوختە ، سێ ڕاستی گرنگ هەیە لە شوشتنی پێدا .

شوشتنی پێ بەشێكی گرنگە لە ساكاری و ئازار ئەوەی عیسا تیایدا دەژیا ، واتە كارەكەی وەك خزمەتكار و مردنەكەی وەك تاوانبارێك ، وەك چۆن نامەكانی ٢ كۆرنسۆس ٥: ٢١ وفیلیپی ٢: ٥- ٨ لەوبارەیەوە فێرمان دەكات .

شوشتنی پێ هێمایەك بوو بۆ تەنها كەفارەتی مەسیح بە تەواوەتی و بۆ پیرۆزكردنی بەردەوام وەك چۆن ئینجیلی مەرقۆس ١٠: ٤٥ و نامەی عیبرانیەكان ١٠: ١٠- ١٤ فێرمان دەكات لەو بارەیەوە .

شوشتنی پێ وانەیەكە لە ڕۆحی خزمەتكردن بە ساكاری . شوشتنی پێ نمونەیەكە بۆ هەموو باوەڕدارانی مەسیح و دەبێت شوێنی بكەون . ئەمەش دەیسەلمێنێ كە باوەڕداران بە ساكاری خزمەت دەكەن لە شانشینی خودا نەك بۆ پلەو پێگەو دەسەڵات و ناوبانگ !

یۆحەنا ١٣: ٣٤- ٣٥

پرسیاری ٣: بۆچی ئەم ڕاسپاردەیە بە ڕاسپاردەی "نوێ" ناو دەبرێ ؟

تێبینیەكان .

ڕاسپاردەی خۆشویستنی خودا بە هەموو دڵ و تواناو بیرەوە ، وە خۆشویستنی نزیکەکەت وەك خۆت لە پەیمانی کۆنەوە سەرچاوەی گرتوە ( دواوتار ٦: ٥ ؛ لێڤیەکان ١٩: ١٨) . بەڵام ئەم ڕاسپاردەیە دەفەرموێ : " یەکتریتان خۆشبوێ. وەك خۆشمویستن، ئێوەش بەو جۆرە یەکتریتان خۆشبوێ ." لەگەڵ ئەوەی ناوەڕۆکی ڕاسپاردەکە نەگۆڕە بەڵام ئەم ڕاسپاردەیە پێوەری خۆشەویستی دیاری دەکات . ئەمەش ڕاسپاردەیەکی نوێیە چونکە عیسا داوا لە قوتابیەکانی دەکات یەکتریان خۆش بوێ وەك چۆن ئەو خۆشی دەوێین ! نمونەی خۆشەویستی قوربانیدانی بەردەوامە ، دەبێت نمونە بێت بۆ شوێنکەوتنی لە هەڵوێستەکانمان بەرامبەر بە یەکتر و لە پەیوەندیەکانمان لەگەڵ یەکتر .

**هەنگاوی ٤: پەیڕەوی بکە.** **پەیڕەوکردن**

**بیربکەوە :** چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

**بەشداری بکەو بنوسە:** وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوەو تەواو بکەین لە یۆحەنا ١٣: ١ـ ٣٨.

**بیربکەوە** : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

**بنوسە** : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا دایناوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون ).

**١ـ نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ئینجیلی یۆحەنا (١٣) .**

١٣: ٤ـ ١٧ : بەڵێن بدە ئامادە بیت بۆ ئەنجامدانی ئەرکو خزمەتێک کە هیچ کەسێکی دیکە حەزی پێنەکات ئەنجامی بدات یان نەتوانێ بیکات .

١٣: ٤ـ ١٧ : بەڵین بدە یەکەم کەس بیت کاتێ پێویستە خزمەتێك بکرێت.

١٣: ٣٤ـ ٣٥ : ڕاسپاردەی نوێی تایبەت بە خۆشەویستنی خودا و باوەڕداران بکە بە ئامانجی ژیانت وەك چۆن مەسیح خۆشی ویستی.

**٢. نمونە لەسەر پەیرەکردنی کەسێتی :**

أ. من نوێنەرایەتی پەترۆس دەکەم هەندێ جار ، پلانێکی مەزن دادەنێم و شانازی پێوە دەکەم بەڵام لە ڕاستیدا خۆم ناناسم ! دەمەوێ گرنگەکانم لەیاد بێت نەك ئەوەی من چی دەکەم بۆ عیسا ، بەڵکو ئەوەی عیسا چی دەکات بۆ من ! ئەو مرد لە پێناوی مندا ! دەبێت ئەمە وام لێبکات ساکار بم و هەست بەو ڕاستیە بکەم کە لاوازم بە تەواوەتی بەبێ عیسا !

ب. من زۆر لەژێر کاریگەری ئەو ڕاستیەدام کە یەهوزا ناپاکی کرد لە عیسا ، وە دادگایی کردنی نادادپەروەری لەبەردەم دوژمنەکانیدا وە سزایان دا بەو پەڕی ستەمکاری لەسەر خاچ بەڵام پلانی خودا پوچەڵ نەبۆوە بەڵکو تەواو کرا ! خودا دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو ڕوداوەکاندا و هیچ شتێك ناتوانێ ڕێگر بێت لەبەردەم پلانە جاویدانەیەکی لەم جیهانەدا! لەبەرئەوە هەرچەندە نارەحەتیەکان و ڕوداوەکان کە ڕوو دەدەن لە ژیانمدا ناتوانن پلانی خودا لە ژیانمدا پوچەڵ بکەنەوە . ئەوەی ڕوو دەدات بەشێکە لە پلانی چاکی خودا بۆ ژیانم .

| |
|---|
| **هەنگاوی ٥: نوێژ بکە** **هاتنەدەنگ**<br><br>بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە یۆحەنا ١٣: ١- ٣٨ .<br><br>( بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا ). پرۆڤە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر ). |

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژی داکۆکیکاری** |

**بەردەوام بن لە نوێژ** لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

| | |
|---|---|
| ٦ | **ئەرکی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) بۆ **وانەی داهاتوو** |

**ڕابەری کۆمەڵەکە .** ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ئینجیلی یۆحەنا ١٣.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە لۆقا ٢٢- ٢٤. باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن . یۆحەنا ١١: ٢٥ لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).
٦- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .